**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – دەزگەی راگەیاندن**

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

**خەبات بکەین بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ!**


# رژێمی خوێن و تیرۆر و سێدارەی ئێران،

# بەردەوامە لە گوللەبارانکردنی تێکۆشەرانی کورد!

بەکرێگیراوانی رژێمی ئیسلامیی لەشاری ورمێ لەرۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژی یەکشەممە ١٦/ ٢٠١١/١ رایانگەیاند، چالاکی مەدەنی کورد حسێن خزری لەسێدارە دراوە.

رژێمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، بەمەبەستی داسەپاندنی بارودۆخی ترسوتۆقاندن بەسەر گەلی کورددا، ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی کورد بۆ قەساوخانەکانی بەڕێدەکا و، پاش شکەنجە و ئازاری زۆر، یەکە یەکە لەسێدارەیان دەدات. بەڵام لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد لەلایەن رژێمی سەددام حسێنی گۆڕبەگۆڕ و، حەمەڕەزاشای دیکتاتۆر ودژ بەکوردەوە، هەروەک چۆن نەیتوانی نەتەوەی کورد لەنێوببات، هەرواش ناتوانێت ئەم رژێمە خوێنڕێژە لەمردن و فەوتان بپارێزێت.

کاربەدەستانی رژێمی داگیرکەری ئێران، دڵنیابن کە رووخانی رژێمەکەیان نێزیکە و، لەداهاتوویەکی نێزیکدا هێزی بەکرێگیراو و، هەموو داوودەزگەی نگریسیان لەلایەن نەتەوەی قارەمان و خۆڕاگری کوردەوە، لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان رامالْدەدرێت.

**بەبۆنەی لەسێدارەدانی حسێن خزری یەوە، پرسە و سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکەی و، سەرجەم نەتەوەی کورد دەکەین.**

**مردن و نەمان بۆ رژێمی خوێنخۆر و داگیرکەری ئیسلامیی ئێران!**

**هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی حسێن خزری و، هەموو شەهیدانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە نیشتمانیی کوردستان**

17/1/2011


**www.rojavatv.org.uk**
**post@kncsite.com**
**www.kncsite.com**

**knc@ribrahim.de**
**0044 – 208 748 78 74**
**0047 – 9383 99 53**

**wka@knc.org.uk**